# داستایۆڤسکی و کوشتنی باوک



زیگمۆند فرۆید
و.هادی محەمەدی

دەتوانین لە کەسێتی هەراوی داستایۆڤسکیدا چوار ڕەهەندی جیاواز لێک جیابکەینەوە: هونەرمەندی داهێنەر، تاکی دەروونژاکاو، مەوعزەگەر، ئاژاوەخواز، چۆن دەتوانین ڕەهەندە سەیرەکانی ئەم کەسێتییە ئاڵۆزە بناسین؟

بەرچاوترین ڕەهەندی کەسێتی داستایۆڤسکی، ڕەهەندی هونەرمەندی داهێنەرە. لە ڕاستیدا، داستایۆڤسکی شان لە شانی شیکسپێر دەدات، برایانی کارامازۆڤ، بەرزترین ڕۆمانێکە کە تا ئێستا نووسراوە و، بۆ نرخاندنی کۆپلەی ناسراو بە «پشکنەری مەزن» — کە لە ئەدەبیاتی گەلاندا بێ وێنەیە- هەرچی بوترێ کەمە. بەداخەوە کە دەروونشیکاری ناتوانێ شان لە شانی هونەرمەندی داهێنەر بدات.

بەڵام دەکرێ بە ئاسانی ڕەخنە لە ڕەهەندی مەوعزەگەری کەسێتی داستایۆڤسکی بگرین، ئەگەر بەم بیانووە کە تەنیا کەسێک دەتوانێ بە بەرزترین لووتکەی ئەخلاق بگات کە خراپترین تاوانەکانی ئەنجام دابێت، بمانەوێ داستایۆڤسکی بە کەسێکی بە ئەخلاق بزانین، حاشا لە شکو گومانی خۆمان دەکەین. کەسێک پێبەندی ئەخلاقە کە کاتێ لە دەروونی خۆیدا هەست بە خواستی گوناە دەکات، خۆی دەبوێرێ و بەخێرایی لە ئاست گوناە هەڵوێست دەگرێ. دەتوانین کەسێک سەرزەنشت بکەین کە بەردەوام گوناە دەکات و پاشان لە کاتی پەشیمانیدا باسی پێوەرە ئەخلاقییە بەرزەکان دەکا و بەمجۆرە ئەنجامدانی هەموو کارێک بۆ خۆی ئاساندەکات، وەها کەسێک بە گەوهەری ئەخلاق (خۆبواردن لە گوناە) نەگەیشتووە، چونکە بەسەربردنی ژیان بەسەر خەتی ئەخلاقیدا، بەرژەوەندی پراتیکی مرۆڤ پێکدێنێ. لە ڕاستیدا، ڕەفتاری وەها کەسێک ڕەفتاری گەلانی

کۆچەری وەحشـــیمان وەبیر دێنێتەوە کە جنایەتیان دەکـــرد و تاوانەکەیـــان دەدا، تا ســـەرئەنجام تاوان دانەوە بوو بە پاســـاوێک بـــۆ جنایەت کردن، ئیڤانی ســـامناکیش هەر وای دەکرد، لەڕاســـتیدا سازشـــی بەمجۆرە لەگەڵ ئەخلاق، تایبەتمەندی بەرجەســـتەی رووســـەکانە، لە هەمانکاتدا، بەرهەمـــی ئەو هەموو تێکۆشـــانە ئەخلاقییەی داستایۆڤسکی، ئەوەندەش جێـــگای شـــانازی نەبـــوو. داستایۆڤســـکی پـــاش دژوارترین تێکۆشـــان بە مەبەســـتی ئاشتکردنەوەی خواســـتی غەریزی تاک لەگـــەڵ مافەکانی کۆمەڵگە، بەرەو هەڵدێر داگەڕا، هەم ملی بۆ دەسەڵاتی دنیایی و هـــەم دەســـەڵاتی خودایی کەچکرد، هـــەم ڕێزی تێزاری گرت، هەم خودای مەســـیحی، سەرئەنجام بە ناســـیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی ڕووس گەیشت (یانی هەمان هەڵوێســـت کە کەسانی کورتبین بە هەوڵێکی کەمتر پێی گەیشتبوون). خاڵی لاوازی ئەم کەسێتییە مەزنە هەر لێرە دایە. داستایۆڤسکی شەقی لە بەختی خۆی داو لەجیاتی ئەوە کە مامۆستای مرۆڤ بێت و مرۆڤایەتی لە دیلیی ڕزگار بکات، لەگەڵ کەســـانێک ڕێککەوت کە مرۆڤیان یەخسیر کردبوو. شارستانیەتی مرۆڤ لە داهاتوودا بەڵگەیەکی بۆ ستایشکردنی ئەو نییە، ڕەنگە داستایۆڤســـکی بەهۆی دەروونژاکاوی، بەناچـــار بەمجۆرە ناکام بووە، ئـــەو بەهۆی زیرەکی زۆر و مرۆڤدۆستی لەڕادەبەدەری، دەیتوانی لە ژیانیدا ڕێگەیەکی جیاواز و پەیامبەرئاسا بگرێتەبەر.

ئەگەر داستایۆڤســـکی بە خراپکار و ئاژاوەخواز بدەینە قەڵەم، زۆر کەس بە توندی دژایەتی دەکەن، هۆی ئەم شـــتە بێخەبەری لە شـــیکاری کەســـێتی خراپکاران نییە. مەبەســـتی واقیعـــی ئەم دژایەتییە بەخێرایی ئاشـــکرا دەبێ. تاکی خراپکار خاوەن دوو تایبەتمەندی زاتییە: خۆویستی بێسنوور و خواستی فـــراوان بۆ کاولکاری. ڕەهەندی هاوبەشـــی ئەم دوو تایبەتمەندییە و مەرجی پێویســـت بۆ دەرکەوتنیان، نەبوونی خۆشەویســـتی یان بـــە وتەیەک بەهانەدانی عاتفـــی بـــە مرۆڤەکانە، لەپـــڕ ڕەفتـــاری ناکۆکی داستایۆڤســـکیمان بیردێتەوە: پێویستی بێسنووری ئەو بە عشـــق و توانای فراوانی بۆ خۆشویستن، کە لـــە جیلوەکانی خۆشەویســـتی زێدەڕۆیانەدا دیارە و ســـەرئەنجام ئەو کاتە کە پێویســـت بوو لە کەسێک بێـــزار بێ و دژایەتی بـــکات (بۆ نموونە لە پێوەندی لەگەڵ هاوسەری یەکەم و ئاشقەکەی)، خۆشەویستی دەنواند و دۆســـتایەتی دەکرد، کەوابوو ئەم پرسیارە دێتەئـــاراوە کە ئیتر بـــۆ دەبێ داستایۆڤســـکی بە کەســـێکی خراپکار بزانین، لە وەڵامـــدا دەبێ بڵێین بەهۆی ناوەرۆکـــی ڕۆمانەکانی، یانی بەهۆی گوڵبژێر کردنی کەســـانی توندوتیژ، خۆویست و جنایەتکار، کە ئەم دیاردە نیشانەی بوونی ویستێکی هاوشێوەیە لـــە زاتی ئـــەودا؛ هەروەها بەهۆی چەند ڕاســـتی لە ژیانی ئـــەودا، وەک حەزی زۆری بە قومار و گومانی دانپیانان کە دەســـتدرێژی کردۆتە سەر کیژۆڵەیەک. ناکۆکی ســـەرەوە کاتێ چارەسەر دەبێ کە تێبگەین خواستی ئێجگار بەهێزی کاولکاری لە داستایۆڤسکیدا کە دەیتوانی بەئاسانی بەرەو خراپکاری ببیات، زیاتر لە ژیانـــی واقیعی ئەودا دەرکـــەوت (یانی لەجیاتی ئاراســـتەی بێروونی، ئاراســـتەی دەروونـــی بەخۆوە گرت) و لە ئاکامدا وەک ئازارویســـتی (مازۆخیســـم) و هەست بە تاوانباری دەرکەوت. سەرەڕای ئەمەش، کەســـێتی ئەو چەندین خەســـڵەتی سادیســـتی تێدا بوو و دەکرێ ڕەنگدانەوەی ئەم خەســـڵەتانە لە زوو زویربـــوون (irritability)، لە خواســـتی ئاگرینی ئـــەو بۆ خەڵک ئازاردان و هەروەها لە بێســـەبری لە پێوەنـــدی لەگەڵ دۆســـتان و هاوڕێیانی و، هەروەتر لە شێوازی هەڵســـوکەوتی (وەک نووسەر) لەئاست خوێنەرانی ببینین، بەمجۆرە ئەو لە پرسە سادەکاندا، خەڵکیتری ئازار دەدا و، لە پرســـە گرنگەکاندا خۆی ئازار دەدا. بەوتەیەکی تر، زیاترین ئاســـتی شـــیاو کەسێکی میانەڕەو، بەهەست و خێرخواز بوو.

تا ئێرە ســـێ هۆکارمـــان لە کەســـێتی ئاڵۆزی داستایۆڤسکی هەڵبژاردووە کە یەکیان چەندییە و ئەو دوانەکە چۆنین: شوور و شەوقی لەڕادەبەدەری ژیانی عاتفی ئەو، سروشتی چەوتی غەریزی ئەو کە بە ناچار ئەوی وەک تاکێکی خراپکار یان سادیست- مازۆخیست دەرخست، زەوقی هونەری هەراوی ئەو، تێکەڵکردنی ئـــەم هۆکارانە نابنە هـــۆی دەروونژاکاوی؛ زۆر کەس

هەن کە لە هەموو ڕوویەکەوە ئازارخواز (مازۆخیست) ن، بەڵام دەروونژاکاو نیین. سەرەڕای ئەمەش، هاوسەنگی هێز لەنێوان خواستە غەریزی و بەربەستە دژبەرەکانی ئەو خواستانە دا (هەروەها شێوازە شیاوەکانی «sublimation»)، بە ناچار داستایۆڤسکی لە ڕیزی ئەو کەسانەدا جێگیر دەکات کە بە «کەسانی غەریزی» ناودێر دەکرێن، بەڵام ئەم خاڵە ئەوەندەش گرنگ نییە، چونکە ئەو هاوکات دەروونژاکاویشە، ئەڵبەت هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بۆ هەلومەرجی داستایۆڤسکی دەروونژاکاوی پرسێکی حەتمی نەبوو، بەڵام بە هەر ڕادە کێشەیەک کە «خود» دەبێ بەسەر ئەودا زاڵ بێت ئاڵۆزتر بێت، بە هەمان ڕادەش دەروونپشێ بە ئاسانی خۆ دەردەخات، چونکە نابێ لە بیرمان بچێ کە دەروونپشێ تەنیا نیشانەی شکستی «خود» لە پێکەیەکانی سەنتێزێک دایە و هێمای ئەوەیە کە «خود» لە هەوڵی خۆیدا بۆ سازکردنی جۆرێک سەنتێز، یەکپارچەیی خۆی دۆڕاندووە.

کەوابوو، دەروونژاکاوی داستایۆڤسکی بە چ شێوەیەک خۆی دەردەخات؟ داستایۆڤسکی دەیوت گیرۆدەی نەخۆشی سەرعە و خەڵکیش ئەمەیان زانیوە، چونکە زۆر جار تووشی حاڵەتی نائاسایی هاتووە، هەموو جەستەی وەلەرزین کەوتووە، بێهۆش بووە و لە ئاکامدا خەمۆکی دایگرتووە. ئەگەری زۆری هەیە ئەم بەناو سەرعە تەنیا نیشانەی دەروونژاکاوی ئەو بووە و کەوابوو دەبێ بە سەرعی هیستریایی — یان بە وتەیەکیتر، هیستری قووڵ — حسابی بکەین. بە دوو هۆ ناتوانین لەم بابەتەوە بەتەواوی دڵنیا بین: یەکەم بەم هۆیە کە زانیاری ئێمە لە پێشینە و مێژووی نەخۆشی بەناو سەرعی داستایۆڤسکی، ناتەواوە و جێگای متمانە نییە، دووهەم بەم هۆیە کە هێشتا حاڵەتە جیاوازەکانی ئەم نەخۆشییە و حاڵەتی شێوە سەرع بە باشی ناناسین.

سەرەتا هۆکاری دووهەم ڕاڤە دەکەم، لەم وتارەدا پێویست نییە کە نەخۆشی سەرع لە دیدگای پاتۆلۆژیکەوە بە وردی شرۆڤە بکەین، چونکە ئەم کارە ناتوانێ پرسەکە ڕۆشنبکاتەوە، بەڵام دەکرێ بڵێین کە نەخۆشی لەمێژینی ناسراو بە «نەخۆشی پیرۆز» (saker morbus) هێشتاش بە شێوەی بالینی (clinical)دەبینرێ، ئەمە هەر ئەو نەخۆشییە ڕەمزاوییەیە کە لە درێژەی ئەودا نەخۆش بێ هیچ هۆیەک تووشی لەرزینی لەناکاو و پەیتا پەیتا دەبێ، کەسێتی نەخۆش زوو زویر دەبێ و بە هەمووواندا هەڵدەشاخێ و بە شێنەیی هەموو وزەی بیرکردنەوەی دەفەوتێ، بەڵام ئەمە هەرگیز پێناسەی وردی «نەخۆشی پیرۆز» نییە، ئەو هەڵلەرزینانە سەرەتا ئێجگار توندە، بەجۆرێک کە نەخۆش زمانی خۆی گاز دەگرێ و میزی دەگیرێ و وردە وردە و ئەم هێرشانە بە حاڵەتی سامناکی سەرع دەگات، کە ڕەنگە لەم کاتەدا نەخۆش زەبر لە خۆی بدات، بەڵام ئەم هەڵلەرزینانە دەتوانن بۆ بێهۆشی کورت ماوە و چرکەیەک سەرگێژی کەم ببنەوە یان جێگەی خۆیان بە چەندین مەودای زەمەنی کورت بدەن کە لە درێژەی ئەواندا نەخۆش — وەک بڵێی لەژێر کاریگەری نەستیدا بێت — کارێکی چاوەڕوان نەکراو ئەنجام بدات، ئەگەرچی ئەم حاڵەتانە بەشێوەیەکی نادیار لە هۆکاری تەواو جەستەییەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام ڕەنگە یەکەم جار بەهۆی هۆکارێکی تەواو زەینی (وەک ترسان) ڕوو بدەن، یان دژکردەوەیەک بە بزاوتنە زەینییەکان بن، هەرچەند تایبەتمەندی ئەم حاڵەتانە ئەمەیە کە زۆربەی جارەکان زەبر لە دەروون دەدات، بەڵام دەزانین کە لانیکەم لە یەک نموونەدا، ئەم زەبرە لە بەرزترین هێزی زەیندا شێوانێکی پێکنەهێناوە، ڕەنگە قوربانیانی نەخۆشی سەرع بیرکورت یان دواکەوتوو بن، چونکە ئەم نەخۆشییە زۆرجار لەگەڵ دیارترین فۆرمی گەمژەیی (idiocy) و زەقترین لاوازی مێشک هاوکاتە... بەڵام ئەم حاڵەتانە لە هەموو شێوازەکانیدا، لە کەسانی دیکەشدا ڕوو دەدەن کە گەشەی مێشکیان نۆرماڵە و هەروەها خاوەن هەست و سۆزی زۆرن کە زۆر جار مەهار ناکرێن، کەوابوو سەیر نییە ئەگەر نەتوانین نیشانە کلینیکیەکانی «سەرع» بە هێمای نەخۆشییەکی تاقانە بزانین، لێکچوونی هێما دیارەکانی ئەم نەخۆشییە وادەخوازێ کە لە دیدگای کارکردییەوە

لێیان بکۆڵینەوە، وەک بڵێی کە ڕەوتێکی تایبەت بە مەبەستی ڕژاندنی (discharge) غەریزی بێ نۆرمی بەشێوەی ئۆرگانیک دانرابێ و بتوانێ لە دۆخی تەواو تایبەتدا ڕۆڵ ببینێ، یانی هەم لە تێکچوونی تێکۆشانی مێشکدا بەهۆی فەوتانی ئەندامەکانی یان بەخەستی ژاراوی بوون و، هەم لە دەسەڵاتی ناتەواو بەسەر ئابووری زەینداو لەو کاتانەدا کە تێکۆشانی وزەی زەین بە ئاستی قەیران دەگات، دەست بەکار بێت. لەودیو ئەم دابەشبوونە دووپارچەوە، بۆچوونێکی گشتی لە ناوەڕۆکی میکانیزمی بنەڕەتی ڕژاندنی غەریزە بەدەست دێنین، ئەم میکانیزمە لە هەمانکاتدا لەو پرۆسە سێکسیانەدا کە ئاخێزگەی ژەهراوی (toxic) یان هەیە جیا نییە: پزیشکان لە ڕابردووی دووردا جووتبوونیان بە چەشنێک سەرعی بچووک زانیوە و بەمجۆرە تێگەیشتوون کە تێکئالان، دامرکاندن و سازگارکردنی شێوەی سەرعی ڕژاندنی بزوێنەرەکانە.

بێگومان ئەم خاڵە هاوبەشە کە دەتوانین بە «دژکردەوەی سەرعی» ناودێری بکەین لەو جۆرە لە دەروونژاکاویشدا بوونی هەیە کە بەپێی سروشتی خۆی کاتێ لەڕووی دەروونییەوە ناتوانێ بەسەر بزواندنەکاندا زاڵ ببێت، لە ڕێگەی جەستەوە دەیڕژێنێ، بەمجۆرە حاڵەتی سەرع وەک هێمای هیستری دەردەکەوێ و لەم ڕێگەوە دادەمرکێ، ڕێک هەر بەوجۆرە کە لە پرۆسەی ڕژاندنی سێکسیدا هەر ئەم شتە ڕوودەدات، کەوابوو بەدڵنیاییەوە دەبێ لەنێوان سەرعی ئەندامی و سەرعی «عاتفی» (affective)دا جیاوازی دابنێین، ئەم جیاوازییە بەکردەوە پیشان دەدات کە کەسێک کە لە سەرعی ئەندامی ئازار دەچێژێ، گیرۆدەی جۆرێک نەخۆشی مێشکە، بەڵام کەسێک کە لە سەرعی «عاتفی» ئازار دەچێژێ، گیرۆدەی جۆرێک دەروونژاکاوییە، ژیانی دەروونی یەکەم، نەخۆش لەئاست مەترسی تێکدەرێکی دەرەکی بەرەوڕوو بووە، بەڵام ئەم شێوانە لە دووهەم نەخۆشدا هێمای ژیانی دەروونییە.

ڕەنگە بتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین کە داستایۆڤسکی گیرۆدەی سەرعی جۆری دووهەم بووە، ناکرێ ئەم پرسە بسەلمێنین، بۆ ئەم کارە دەبێ بتوانین ڕوونی بکەینەوە ئەو کاتە کە داستایۆڤسکی بۆ یەکەمجار تووشی حاڵەتی سەرع و ئاکامەکانی دواتری هات، دۆخی دەروونی چۆن بوو، کێشە لەوە دایە کە لەم بابەتەوە زانیاریمان زۆر کەمە.. ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەم حاڵەتانە لە سەرەتای منداڵی داستایۆڤسکییەوە دەستی پێکرد، سەرەتا بە چەند هێمایەکی زراڤ خۆی دەرخست، پاشان دوای ڕووداوی تاڵ و سامناکی هەژدە ساڵی — یانی پاش کوژرانی باوکی- بەشێوەی سەرع دەرکەوت، ئەگەر بمانسەلماندایە کە حاڵەتی سەرع کاتی دوورخرانەوە بۆ سیبریا بە تەواوی کۆتایی هاتووە، فەرزەکەمان دەسەلماند، بەڵام سەرچاوەکانیتر پێچەوانەی ئەم شتەمان پێدەڵێن.

پێوەندی حەتمی کوژرانی باوک لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆڤدا، لەگەڵ چارەنووسی باوکی داستایۆڤسکی، بابەتێکە کە زۆربەی بیۆگرافی نووسان سەرنجیان پێداوە و بەمجۆرە ئاماژەیان بە «مەکتەبێکی تازەی تایبەت لە دەروونناسی»دا کردووە، دەروونشیکاری هانمان دەدات کە ئەم ڕووداوە بە قورسترین زەبری دەروونی (trauma) بزانین و، دژکردەوەی داستایۆڤسکی وەک خاڵی وەرچەرخانی دەروونژاکاوی ئەو لە قەڵەم بەین، بەڵام ئەگەر بمانەوێ ئەم تیۆرییە بە بەڵگەی دەروونشیکارانەوە بسەلمێنین، دەترسین خوێنەرانێک کە لەگەڵ تیۆری و زاراوەکانی دەروونشیکاری ئاشنا نین، لە باسەکە تێنەگەن.

دەتوانین باسەکەمان بە ئاماژە بە خاڵێک دەست پێبکەین کە تەواو لێی دڵنیاین: هۆکاری یەکەم حاڵەتەکان کە داستایۆڤسکی لە سەرەتای منداڵی و ماوەیەک پێش نەخۆشی «سەرع»ەکەی تووشی هات، دەزانین، ئەم حاڵەتانە هێمای مەرگ بوون: سەرەتا ترس لە مەرگیان دەهێنا نێو مێشکەوە و، پاشان دەبوونە هۆی حاڵەتی سڕی و خەواڵوویی، داستایۆڤسکی یەکەم جار کاتێ تووشی ئەم نەخۆشییە بوو کە هێشتا مێردمناڵ بوو، ئەم نەخۆشییە سەرەتا وەک خەمۆکییەکی قورس خۆی دەردەخست کە بەشێوەی لەناکاو و بێ بنەما بوو، وەک دواتر خۆی

بە هاوڕێکەی سـۆلۆڤیف گووتی، ئەم هەسـتەی لە ناخیدا پێکدێنا کە کاتی مردنی گەیشـتووە، ئەڵبەت حاڵەتێک کە دواتر ئەوی دادەگرت، لە هەموو بارێکەوە لـە مەرگی واقیعـی دەچوو، ئاندرێی بـرای دەڵێ، تەنانەت ئەو کاتەش کە فیۆدۆر لاوێکی پێگەیشـتوو بوو، شەوانە پێش خەوتن یاداشتێکی لە ژوور سەری دادەنا کە تێیدا دەینووسی: دەترسم خەوێکی مەرگ ئاسا دامبگرێ، کەوابوو تکاتان لێدەکەم تا پێنج ڕۆژ مەمنێژن.

ئێمە مانای ئەم حاڵەتە مەرگ ئاسـایە دەزانین، ئەم حاڵەتە هێمای یەکبوون لەگەڵ کەسێکی مردوو دەگەیەنێ، یانی کەسـێک کە بەڕاستی مردووە، یان هێشتا زیندووە، بەڵام تاکی دەروونژاکاو ئارەزوو دەکا بمرێت، حاڵەتی دووهەم گرنگـی زیاتری هەیە، لەم دۆخەدا وەها حاڵەتێک بە مانای جۆرێک سـزادانە، تاکی دەروونژاکاو ئارەزووی مردنی کەسێکی هەبووە، ئێستا خۆی هەمان کەسـە، کەوابوو خۆی مردووە، لێـرەدا تیۆری دەروونشـیکاری پێدادەگرێت کە ئەم کەسـە بۆ مێردمنداڵ زیاتر باوکە و بەمپێیە حاڵەتی ناوبراو (کە بە حاڵەتی هیسـتریک ناودێر دەکرێ)، سـزادانی منداڵەکەیە، چونکە لە باوکی بێزار بووە و ئارەزووی کردووە بمرێ.

بەپێـی دیدگایەکی بەناوبانگ، کوشـتنی باوک یەکەمیـن و گرنگترین جنایەتی مـرۆڤ و هەروەها جنایەتـی تاکە (بڕوانە بۆ کتێبـی توتم و تابۆ، ز. فرۆید). بەهەر حاڵ، کوشـتنی باوک، سـەرچاوەی سـەرەکی هەسـتکردن بە تاوانبارییە، بەڵام ڕەنگە تاقە هۆکار نەبێت، توێژەران تا ئێسـتا نەیانتوانیوە سـەرچاوەی زەینی تاوان و پێویسـتی سـزادانەوە بەشـێوەی حەتمی دیاری بکەن، سەرەڕای ئەمەش پێویست نییە کوشتنی باوک تاقە هۆکاری هەستکردن بـە تاوانباری بێت، ئەمە دۆخێکی دەروونی ئاڵۆزە و پێویستی بە شـیکاری هەیە. پێوەندی منداڵیی کوڕ لەگەڵ باوکی، پێوەندییەکی «دوالیستی»یە. منداڵ باوکـی بە ڕکەبەری خۆی دەزانـێ، ڕقی لێ هەیە و ئـارەزوو دەکات بمرێ، بەڵام هـاوکات تا ڕادەیەک خۆشـی دەوێ، تێکەڵاوی ئـەم دوو ڕوانینە، دەبێتە هۆی یەکبوون لەگەڵ بـاوک، منداڵ (کوڕ) دەیەوێ جێگـەی باوکی بگرێتەوە، هـەم بەمهۆیە کە باوکی بە شـایانی ستایش دەزانێ و، هەم بەمهۆیە کە ڕقی لێ هەیە و حەز دەکا بمرێ، پاشـان ئەم پرۆسـەی گەشـە کردنە لە درێژەی خۆیـدا لەگەڵ لەمپەرێکی گـەورە بەرەوڕوو دەبێ، لە قۆناغێکی تایبەتدا منداڵ هەسـت دەکات کە ئەگەر بیەوێ باوکی وەک ڕەقیبی خۆی لەنێو ببات، باوکی سزای دەدا و دەیخەسێنێ. لەئاکامدا، منداڵ بەهۆی ترسـان لە خەسـاندن (بە وتەیەکیتـر، بە مەبەسـتی پاراسـتنی نێرینەبوونی خۆی) ویستی لەنێوبردنی باوک و داگیرکردنی دایکی لەسـەر دەردەکات، ناوشـیارانەبوونی ئەم ویستە، بناغەی هەستکردن بە تاوانباری پێکدێنێ، بەڕای من ئەوەی وترا، پرۆسەی ئاسایی یان سەرەنجامی «گرێی ئۆدیپ» دەردەخات، بەڵام پێویسـتە ڕەهەندەکانی تریشی ڕاڤە بکەین.

ئەم پرسە کاتێ ئاڵۆزتر دەبێ کە هۆکاری سروشتی (constitutional) کـە بە دوالیزمی سێکسـی پێناسـەی دەکەیـن، کەم تا زۆر لە منداڵدا گەشـە دەکات، چونکە کاتێ مەترسـی خەسـاندن هەڕەشە لە نێرینەی منداڵ دەکات، ویستی ئەو بەرەو ژنبوون گەشـە دەکات، بە وتەیەکیتر، منداڵی کوڕ دەیەوێ جێگەی دایکی بگرێتەوە و ڕۆڵی بابەتی عشقی باوکی بگێـڕێ، بەڵام ترس لە خەسـاندن ئـەم ڕێگایەش دەبەستێ، منداڵ تێدەگات کە ئەگەر دەیەوێ باوکی وەک ژن خۆشی بوێ، بەناچار دەبێ خەساندن قەبووڵ بکات. بەمجـۆرە هەر دوو بزوێنـەر (impulse) (نەفرەت لە باوک و خۆشویسـتنی دایک) سەرکوت دەکرێـن، ئەوە کە نەفرەت لە باوک بەهۆی ترس لە مەترسییەکی دەرەکی (خەساندن) کۆتایی دێت، لە کاتێکدا خۆشویستنی باوک بە مەترسییەکی غەریزی دەروونـی دەزانرێت، هەرچەند لەڕاسـتیدا لە هەمان مەترسـی دەرەکی سەرچاوە دەگرێ و، جیاوازییەکی سایکۆلۆژیکی تایبەت پیشان دەدات.

ترس لـە باوک، قیـن و نەفرەت لـە ئەو وەک پرسـێکی ناڕەوا دەردەخات، چونکە خەساندن — چ وەک جۆرێک سزادان و چ وەک بەهای خۆشەویستی-

ترسهێنەرە، لە دوو هۆکاری سەرکوتکەری نەفرەت لە باوک، دەکرێ هۆکاری یەکەم (یانی ترس لە سزادان و خەساندن) بە شتێکی نۆرماڵ بزانین، وادیارە تەنیا بە زیادبوونی هۆکاری دووهەم (یانی ترس لە خواستی ژنانە)، هۆکاری یەکەم گەشە دەکا و دەبێتە هۆی نەخۆشی، بەمجۆرە خواستی دوو ڕەگەزی سروشتی و بەهێز، وەک یەکێ لە پێشمەرجەکانی دەروونژاکاوی دەور دەبینێ یان گەشەی پێدەدات، بەدڵنیاییەوە وەها خواستێک لە داستایۆڤسکیدا هەبووە و هێماکانی (وەک هاوڕەگەز خوازی شاراوە) بریتین لە: زۆر گرنگیدان بە دۆستانی نێر لە ژیانی ئەودا، ڕوانینی دلۆڤانە لەمەڕ ڕکەبەرانی لە عشقدا سەرسوڕهێنەر بوو، هەروەها زیرەکی زۆری ئەو لەمەڕ ئەو هەلومەرجانە کە- بە شایەتی نموونەی زۆر لە ڕۆمانەکانیدا- تەنیا بەپێی هاوڕەگەزخوازی سەرکوتکراو ڕاڤە دەکرێن.

ئەگەر باسەکەی من دەربارەی ڕوانینی ڕقاوی و عاشقانە لەئاست باوک و گۆڕانی شێوازی ئەم ڕوانینە بەهۆی ترس لە خەساندن، بۆ ئەو خوێنەرانە کە لەگەڵ دەروونشیکاری نامۆن سامناکە و جێگەی بڕوا نییە، زۆر بەداخم، چونکە ناتوانم ڕاستییەکان پێچەوانە پیشان بدەم، من پێم وایە کە بێگومان هەموان زیاتر لە هەر شتێک حاشا لە گریمانەی خەساندن دەکەن، بەڵام لە بەرانبەردا تەنیا دەتوانم پێدابگرم کە ئەزموونی دەروونشیکارانە بەتایبەت لەم بابەتانەدا هیچ گومانێکی نەهێشتوتەوە و فێری کردووین کە ئەم شتانە وەک ڕێنوێنی ناسینی شێوازەکانی دەروونژاکاوی بزانین، کەوابوو دەبێ بە پشتبەستن بەم ڕێنوێنە نەخۆشی ناسراو بە سەرع لە ڕۆماننووساندا ڕاڤە بکەین، ئامێرەکانی سەپاندنی دەسەڵات بەسەر ڕەهەندی زەینی و نەستی ژیانی ئێمەدا، بۆ هەست و وشیاری ئێمە چەندە نامۆن!

بەڵام ئەوەی وتمان ئاکامەکانی سەرکوتکردنی هەستی نەفرەت لە باوک لە گرێی ئۆدیپ دا بە باشی بەیان ناکات، دەبێ خاڵێکی نوێ زیاد بکەین کە بەمجۆرەیە: یەکبوون لەگەڵ باوک بەپێچەوانەی هەر هۆکارێکی دیکە، سەرئەنجام جێگایەکی نەگۆڕ لە «خود» (ego)دا پەیدا دەکات، ئەم یەکبوونە لە «خود»دا جێگیر دەبێ، بەڵام لەگەڵ بەشەکانی دیکەی «خود» وەک هۆکارێکی جیاواز و دژبەر دانوستان دەکات، ئەوجار بە «بان خود» پێناسەی دەکەین و وەک میراتداری کاریگەری پێوەندی باوک و مندال چەند ڕۆڵێکی گرنگی بۆ قایل دەبین، ئەگەر باوک کەسێکی دیکتاتۆر و توند و تیژ و بێ ڕەحم بووبێت، «بان خود» ئەم خەسڵەتانەی لێ وەردەگرێ و حاڵەتی سەرکوتکراو لە ڕێگەی پێوەندی «خود» و «بان خود» زیندوو دەکرێتەوە، بەمجۆرە «بان خود» دەبێتە سادیست و «خود» دەبێتە مازۆخیست — یان بە وتەیەکیتر بەشێوەی ژنانە پەسیڤ دەبێت، بەشێک لە «خود» وەک یەخسیری چارەنووس دەردەکەوێ و بەشی دیکەی لە توندوتیژی «بان خود» خۆشحاڵ دەبێ و هاوکات حەزێکی زۆر بە سزادان لە «خود»دا بەدیدێت، چونکە هەر سزادانێک لە ئاکامدا وەک خەساندن وایە و لەم بابەتەوە، دیدگای پەسیڤی دێرین لەمەڕ باوک دەچەسپێنێ، تەنانەت چارەنووسیش تەنیا وەک دیهاوێژی و ( دووپاتکردنەوەی) دواتری باوک دەردەکەوێ.

بە دڵنیاییەوە پرۆسەی نۆرماڵی پێکهاتنی ویژدان لەگەڵ پرۆسەی ئابنۆرماڵ کە لێرەدا باسمان کرد هاوشێوەیە، بەڵام هێشتا لایەنە جیاوازەکانمان دیاری نەکردووە، توخمی پەسیڤی ژنانەیی سەرکوتکراو، بەشی زۆری ئاکامەکان بۆ خۆی دەبات. هەروەها، ئەم خاڵە وەک هۆکارێکی ڕێکەوت لەمەڕ باوک — کە بە هەرحاڵ منداڵ لێیدەترسێ — گرنگی خۆی هەیە کە ئایا بەڕاستی ئەو لەڕادەبەدەر توندوتیژە، باوکی داستایۆڤسکی وا بوو، کەوابوو دەکرێ سەرچاوەی هەستی قووڵی تاوانباری لە داستایۆڤسکیداو کرداری مازۆخیستی ئەو لە ژیانیدا لە توخمی ژنانەی ئێجگار بەهێزی دەروونیدا هەست پێبکەین. کەوابوو دەتوانی داستایۆڤسکی بەمجۆرە ڕاڤە بکەین: کەسێک کە بەشێوەی زاتی خواستی دووڕەگەزی ئێجگار بەهێزی هەیە و دەتوانین لەئاست وابەستەیی بە باوکێکی ئێجگار دیکتاتۆر بەخەستی داکۆکی لە خۆی بکات،

ئەم خەسڵەتە دوورەگەزییە، دەبێتە پشتخانی توخمەکانی تری سروشتی ئەو، بەمپێیە، دەکرێ هێماکانی حاڵەتی مەرگئاسا کە داستایۆڤسکی تووشی دەبوو، بە یەکبوون لەگەڵ باوک حساب بکەین کە «خود»ی داستایۆڤسکی ئەنجامی دەدات و «بان خود»ی وەک جۆرێک سزا دەیسەپێنێ. «تۆ دەتویست باوکت بکوژی، بۆوەی خۆت جێگەی بگری، ئێستا ئیتر تۆ باوکتی، بەڵام باوکێکی مردوو،» ئەم ڕەوتە نەگۆڕەی هێما هیستریکەکان و درێژەیان بەمجۆرەیە: «ئێستا باوکت خەریکە تۆ دەکوژێ» نیشانەی مەرگ بۆ «خود» وەک دامرکانی خەیاڵی مەیلی نێرینە دەور دەبینێ و هاوکات حەزی مازۆخیستی بەدیدێنێ، بەڵام بۆ «بان خود» وەک دامرکان لە ڕێگەی سزادانەوەیە، بە وتەیەکیتر، حەزی سادیستی بەدیدێنێ، «خود» و «بان خود» هەر دوو درێژە بە ڕۆڵی باوک دەدەن.

بە کورتی دەتوانین بێژین پێوەندی نێوان منداڵ و باوکێک کە ئامێری دابینکردنی غەریزەکانی ئەوە، هاوکات کە ناوەرۆکی خۆی دەپارێزێ، وەک پێوەندی نێوان "خود" و "بان خود" دەردەکەوێ، ئەمەش بە مانای پێکهاتنی زەمینەیەکی نوێ لە قۆناغێکی نوێ دایە، ئەگەر بارودۆخ بۆ دژکردەوەکانی زادەی گرێی ئۆدیپ خۆراکی زیاتر فەراهەم نەکات، ڕەنگە ئەم جۆرە دژکردەوانەی منداڵ لەنێو بچێت، بەڵام کەسێتی باوکی داستایۆڤسکی گۆڕانی بەسەردا نەهات و لە ڕاستیدا بە تێپەڕینی زەمەن خراپتر بوو، بەمهۆیە نەفرەتی داستایۆڤسکی لە باوکی و ئارەزووی مردنی وەها باوکێکی پەست گەشەی کرد، دابینکردنی ئەم حەزە سەرکوتکراوانە بەهۆی بارودۆخ، پرسێکی مەترسیدارە، خەون بووە بە ڕاستی و لە ئەنجامدا هەموو کارێکی بەرەنگارانە چەند قات زیادی کردووە، لێرەدا بوو کە حاڵەتی نەخۆشی داستایۆڤسکی شێوازی سەرعی بەخۆوە گرت، بێگومان ئەم حاڵەتانە هێمای ئەوە بوون کە داستایۆڤسکی بە مەبەستی سزادانی خۆی لەگەڵ باوکی بووە بە یەک، بەڵام ئێستا ئەم حاڵەتانە- وەک مەرگی سامناکی باوکی- ترسناک بوون، ناتوانین بڵێین ئەم حاڵەتانە لەم قۆناغەدا — بەتایبەت لەڕووی سێکسییەوە- چ ناوەرۆکێکی تازەیان بەخۆوە گرتووە.

خاڵێک شیاوی سەرنجە: لە سەرەتای حاڵەتی سەرعدا ، نەخۆش بۆ چەند ساتێک هەست بە خۆشی دەکات، ئەگەری زۆری هەیە کە ئەم هەستە، هێمای شادی و هەستی ڕزگاری لە کاتی خەبەری مەرگ دا بێت کە لەپڕ سزایەکی ئێجگار ژاناوی بەدوادا دێت، ئێمە تێگەیشتووین کە هاوجووتی دۆخی جێژن و ماتەم، شایی و تازیەباری، لە برایانی مێگەلی سەرەتاییدا کە باوکی خۆیان کوشت، لەئارادا بووە و وەک دەبینین لە نەریتی خۆراکی توتم (totem) دا دووپات دەبێتەوە، ئەگەر بمانسەلماندبا کە داستایۆڤسکی کاتی دوور خرانەوە بۆ سیبریا لە دەست ئەم حاڵەتانە ڕزگاری بووە، بەڵگەمان بۆ دروستی ئەم تیۆرییە بەدەست دێنا کە ئەم حاڵەتانە وەک سزادانی ڕۆڵیان گێڕاوە، داستایۆڤسکی ئیتر پێویستی بەم حاڵەتانە نەبوو، چونکە ئێستا بەشێوەیەکیتر سزا دەدرا، بەڵام ناتوانین ئەم خاڵە بسەلمێنین، بەڵکوو ئەوەی هۆکاری ئەم پرسە ڕۆشندەکاتەوە ئابووری زەینی داستایۆڤسکییە کە پێویستییەک لە سزاداندا دەبینێ، ئەو چۆن توانی ساڵگاری چارەڕەشی و سوکایەتی تێپەڕ بکات بە بێ ئەوەی خۆی تێکبشکێ، حوکمدانی داستایۆڤسکی وەک زیندانی سیاسی حوکمێکی ناڕەوا بوو، بەدڵنیاییەوە ئەو خۆی ئەم ڕاستییەی دەزانی، بەڵام بۆ سزایەکی ناڕەوا کە "باوکی بچووک" (تێزار) بۆی دیاری کردبوو ملی کەچ کرد تا سزای تاوانێک بداتەوە کە دژ بە باوکی واقیعی کردبووی، بە وتەیەکیتر، لەجیاتی تەمێکردنی خۆی، بەهۆی جێنشینی باوکی خۆی تەمێ کرد، بەمجۆرە دەتوانین لە پەراوێزدا پاساوی سایکۆلۆژیکی ئەو سزایانە کە کۆمەڵگە دەیسەپێنێ دەرک بکەین، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە تاوانباران حەز دەکەن سزا بدرێن، "بان خود"ی ئەوان سزای دەوێ و بەمجۆرە خۆی لە پێویستی سەپاندنی سزاکان دەرباز دەکات.

کەسانێک کە دەزانن چەمکی هێماکانی هیستریک بە چ شێوازێکی ئاڵۆز دەگۆڕێت، دەشزانن کە

تۆژینەوەی چەمکی حاڵەتەکانی داستایۆفسکی، زیاتر لەم سەرەتایە کە لێرەدا باسمان کرد، ئیمکانی نییە، هەر ئەوەندە بەسە کە بتوانین وێنای بکەین کە سەرەڕای خراپتربوونی دۆخی دەروونی داستایۆفسکی، ناوەرۆکی ئەم دۆخە وەک خۆی مایەوە، دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین کە داستایۆفسکی قەت لە هەستی تاوانباری خواستی کوشتنی باوکی ڕزگاری نەبوو، ئەم هەستە هەروەها ڕوانینی ئەوی لە دوو بواری دیکەدا کە پێوەندی لەگەڵ باوک لەواندا گرنگی زۆری هەیە دیاری کرد: ڕوانینی ئەو دەربارەی دەوڵەت و بڕوا بە خودا، لە بواری یەکەمدا، سەرئەنجام بێ شەرتو مەرج دەسەڵاتی "باوکی بچووک" (تێزار)ی قەبووڵ کرد، کە جارێک لەگەڵ داستایۆفسکی کۆمێدی کوشتنی بەکردەوە ئەنجامدابوو، هەمان کۆمێدی کە حاڵەتەکانی داستایۆفسکی زۆر جار وەک شانۆ پیشانی دابوون، لەم بابەتەوە خواستی تۆبە بەسەر ئەودا زاڵ بوو، لە بواری دینداریدا، داستایۆفسکی ئازادی زیاتر بۆ خۆی قایل بوو: بەپێی وتەکانی خەڵک، ئەو تا دواین ساتەکانی ژیانی لەنێوان دینداری و بێ دینیدا دڕدۆنگ بوو، ئەقڵی هەراوی ئەو، هیچ کام لە کێشە ئەقڵانییەکانی زادەی ئیمانی پشتگوێ نەدەخست، ئەو هیوادار بوو بە دووپاتبوونەوەی ڕەوتی گەشەی پرۆسەی مێژووی جیهان، ڕێگەی هەڵاتن و ڕزگاری لە تاوانەکان لە ئامانجی مەسیحدا بدۆزێتەوە و تەنانەت بە بیانووی ڕەنج و ئازارەکانی، بانگەشەی ئەوە بکات کە ڕۆڵی مەسیح دەگێڕێ، ئەگەر داستایۆفسکی بەگشتی بە ڕزگاری نەگەیشت و وەک کەسێکی دواکەوتوو دەرکەوت، هۆی ئەمە بوو کە تاوانی زاڕۆیی- کە بەگشتی لە هەموو مرۆڤەکاندا بنەمای پێکهاتنی بڕوای دینیی پێکدێنێ- لەودا خێرایی بان تاکی بەخۆوە گرتبوو کە تەنانەت بیری هەراوی نەیتوانی بەسەریدا زاڵ بێت، ڕەنگە دوای نووسینی ئەم خاڵە بەوە تاوانبارمان بکەن کە نەمانتوانیوە لە باسەکەماندا بێلایەنی خۆمان بپارێزین و دەربارەی داستایۆفسکی هەندێ شت دەڵێین کە لە دیدگای دۆگمی جیهانبینییەکی تایبەتەوە سەرچاوە دەگرێ، خوێنەری کونسێرڤاتیف لەگەڵ "پشکنەری مەزن" هاودەنگ دەبێ لەمەڕ داستایۆفسکی جۆرێکیتر داوەری دەکات، ئەمە ڕەخنەیەکی بەجێیە و لە وەڵامدا تەنیا دەتوانین بێژین کە تەواو ئاشکرایە کە بڕیاری داستایۆفسکی بۆ ڕێکێفکردنی ئەقڵی لە دەروونژاکاوی ئەو سەرچاوە دەگرێ.

ناتوانین بێژین هەر سێ شاکاری مەزنی ئەدەبیاتی هەموو سەردەمەکان (ئۆدیپی سوفۆکۆل، هاملێتی شیکسپێر و برایانی کارامازۆڤی داستایۆفسکی) بەڕێکەوت باسی بابەتێکی تاقانە (کوشتنی باوک) دەکەن. بێجگە لەمەش، لە هەر کام لەم سێ بەرهەمەدا بزوێنەری ئەنجامدانی ئەم کارە (ڕکەبەری سێکسی بۆ داگیرکردنی ژنێک) ئاشکرا دەکرێت.

بەدڵنیاییەوە دەتوانین ڕاشکاوترین شێوازی باسکردنی کوشتنی باوک لە خولقاندنەوەی ئەم بابەتە بەشێوەی شانۆیی لە ئەفسانەکانی یۆناندا ببینین. لەم شانۆیەدا، هۆکاری ئەنجامی جنایەت هێشتا خودی قارەمانە، بەڵام داڕشتنی شاعیرانە وادەخوازێ کە بابەتەکە پەرداخ بکرێت و بە شێوەیەکیتر باس بکرێت. هەر وەک لە تۆژینەوەکەی ئێمەدا دەردەکەوێ، قارەمانی شانۆ دەیەوێ باوک بکوژێ، بەڵام ئەگەر سەرەتا ئەم بابەتە بە شیکردنەوەی شانۆنامە نەسەلمێنین، خوێنەران بەئاسانی قەبوڵی ناکەن، شانۆی یۆنانی سەرەڕای ئەوە کە باسی کوشتنی باوک دەکات، مەبەستی ناوشیارانەی قارەمان بەشێوەی جەبری چارەنووس (کە هۆکارێکی بەدەر لە زەینی ئەوە) بۆ بارودۆخ دەهاوێژێ و بەمجۆرە بابەتی باوک کوژی بەپێی پێویستی کەمڕەنگ دەکاتەوە، قارەمانی شانۆ بە بێئەوەی خواستی کوشتنی باوکی لەسەردا بێت، کاتێ کە هێشتا ئاشقی دایکی نەبووە، ئەم کارە ئەنجامدەدات، ئەڵبەت دەبێ ئەم خاڵە لەبەر چاو بگرین کە قارەمان تەنیا کاتێ دەتوانێ دایک — شاژن داگیر بکات کە کاری باوک کوشتنی لەمەڕ دێوەزمەیەک کە هێمای باوکە دووپات کردبێتەوە، پاش ئاشکرابوونی تاوانی قارەمان و ( گەیشتنی بە وشیاری)، ئەو هەوڵ نادات بۆ سەلماندنی بێتاوانی خۆی، هانا بۆ فێڵی جەبری چارەنووس ببات، دان بە تاواندا دەنێ و سزا دەدرێت، گوایە ئەم تاوانە

وەک هەموو تاوانەکانیتر بە ئەنقەست ئەنجام دراوە، ڕۆشنە کە ئەقڵی ئێمە وەها شتێک بە ڕەوا نازانێ، بەڵام ئەم بابەتە لە دیدگای سایکۆلۆژیکەوە تەواو دروستە.

لە شانۆی ئینگلیسی هاملێتدا، بابەتی باوککوژی بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ئاراستە دەکرێ، بەمجۆرە کە خودی قارەمان باوکی ناکوژێ بەڵکوو کەسێکیتر — کە ئەم کارە بۆ ئەو باوککوژی نییە- ئەم تاوانە دەکات. بەمپێیە، ئیتر پێویست نییە کە خواستی سەرکوتکراوی ڕکەبەری سێکسی بۆ داگیرکردنی ژنی مەبەست بشاردرێتەوە، بێجگە لەمەش، گرێی ئۆدیپی قارەمانی شانۆ بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و کاتێ بۆ ئێمە ئاشکرا دەبێ کە تێدەگەین تاوانی ئەنجامدراو بەهۆی کەسێکیترەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر قارەمان هەیە، سروشتییە کە هاملێت دەبێ تۆڵەی کوشتنی باوکی بستێنێتەوە، بەڵام جێگەی سەرسوڕمانە کە دەزانێ ناتوانێ ئەم کارە بکات، دەزانین کە هەست بە تاوانباری بەمجۆرە برستی لێبڕیوە، بەڵام ئەم هەستە- بە جۆرێکی تەواو گونجاو لەگەڵ پرۆسەی دەروونژاکاوی- جێگەی خۆی بەم شتە داوە کە قارەمان دەزانێ کە ناتوانێ ئەرکی خۆی ئەنجامبدات، بەپێی ئەو بەڵگانەی لە شانۆنامەکە دان، هاملێت بەشێوەی بان تاکی هەست بام تاوانە دەکات، لە ئاکامدا خەڵکیتریش وەک خۆی بە شیاوی سوکایەتی دەزانێ :"لەگەڵ هەر کەس بەپێی ڕادەی شایستەیی ڕەفتار بکەن، ئەوجار دەبێ هەمووان بە تازانگ سزا بدرێن!"

ڕۆمانی ڕووسی (برایانی کارامازۆڤ)، هەر لەم ڕێگەدا هەنگاوێکی تری بۆ پێشەوە هەڵگرتووە، لەم بەرهەمەشدا نە قارەمان، بەڵکوو کەسێکیتر جنایەت دەکات، بەڵام ئەم کەسە (سمردیاکۆڤ) وەک قارەمانی ڕۆمان (دیمیتری) کوڕی کابرای کوژراوە، ئەم بکوژە ڕاشکاوانە دەڵێ کە مەبەستی ڕکەبەری سێکسی بووە، ئەو زڕبرای قارەمانی ڕۆمانە و خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە داستایۆڤسکی نەخۆشییەکەی خۆی (ناسراو بە سەرع) بە نەخۆشی ئەو زانیوە، گوایە ویستوویە دانی پیابنێ کە سەرع یان دەروونژاکاوی خۆی، هاوتای باوک کوژییە، هەروەها کاتی داکۆکیکردن لە خۆی لە دادگا، بەم ڕستە بەناوبانگە گاڵتە بە دەروونناسی دەکرێ کە وەک"چەقۆیەکە کە هەر دوو لای تیژە." ئەم ڕستە نموونەیەکی بەرزە کە مەبەستەکان لە پەردەدا بەیان دەکات، چونکە ئەگەر پێچەوانەی بکەینەوە، لە بنەماییترین چەمکی دیدگای داستایۆڤسکی تێدەگەین، دەبێ گاڵتە بە شێوازی لێکۆڵینەوەی دادوەری بکرێت، نە دەروونناسی، لە ڕاستیدا گرنگ نییە کێ جنایەتی کردووە، دەروونناسی تەنیا دەیەوێ ئەم شتە ڕوون کاتەوە کە کام کەس لە دەروونیدا ویستوویە ئەم تاوانە ڕوو بدا و پاش ڕوودانی، کێ شاد بوو. هەر بەمهۆیە، سێ برایانی کارامازۆڤ (دیمیتری هەوەسخواز[sensualist impulsive]، ئیڤانی ڕەشبینی دڕدۆنگ، سمردیاکۆڤی تاوانباری گیرۆدەی سەرع) بە یەک ڕادە تاوانبارن، بەڵام ئالیۆشا تاوانبار نییە، چونکە لە براکانی جیاوازە، بەتایبەت یەکێ لە دیمەنەکانی برایانی کارامازۆڤ چەند خاڵێکی گرنگ ئاشکرا دەکات، کاتێ زوسیمای باوک بە پەیڤین لەگەڵ دیمیتری تێدەگات کە ئەو دەیەوێ باوکی بکوژێ، کوڕنۆشی بۆ دەبات، ئیمکانی نییە ئەم کارە بە مانای ستایش کردنی دیمیتری بێت، بەڵکوو مانای ئەوەیە کە ئەم پیاوە دیندارە نایەوێ لەئاست بکوژ ڕق و قین دابیگرێ و خۆی سووک بکات، بەمهۆیە لە ئاست ئەو خۆنەویستی دەنوێنێ، لە ڕاستیدا هاودڵی و هاودەنگی داستایۆڤسکی لەگەڵ جنایەتکاران سنوور ناناسێ، بە ڕای ئەو جنایەتکار کەم تا زۆر وەک کەسێکی ڕزگاریدەر(redeemer) دەور دەبینێ کە باری گرانی گوناهی بە گیان کڕیوە و تا خەڵکیتر ڕزگار بکات، ئیتر پێویست نییە کەس تاوان بکات، چونکە ئەو پێشتر ئەم کارەی کردووە، کەوابوو دەبێ ستایش بکرێت، چونکە ئەگەر ئەو ئەم کارەی نەکردبا، ناچار دەبووین خۆمان بیکەین، ئەم هەستە تەنیا بەزەییەکی دڵسۆزانە نییە، بەڵکوو جۆرێک یەکبوون بەپێی پاڵنەری جنایەتکارانەی هاوشێوە - و جۆرێک خۆشەیدایی—یە. (ئەڵبەت وتنی ئەم خاڵە بە مانای حاشاکردن لە بایەخی ئەخلاقی

هەستی دڵسۆزی داستایۆڤسکی نییە)، ڕەنگە ئەم ڕەوتە گشتییە هاودڵی دڵسۆزانە لەگەڵ خەڵک بێت، ڕەوتێک کە لەمەڕ ئەم نووسەرە – کە لەڕادەبەدەر هەست بە گوناه دەکات– بەرەواوی ئاشکرایە. گومانی تێدا نییە کە ئەم هاودڵییە کە بەپێی یەکبوون پێکهاتووە، ڕۆڵێکی گرنگی لە دیاریکردنی ڕۆمانەکانی داستایۆڤسکیدا بووە. ئەو سەرەتا باسی خراپکارانی ئاسایی و خراپکارانی سیاسی و مەزهەبی دەکرد، لە کۆتایی تەمەنیدا بوو کە دووبارە سەرنجی خۆی بۆ خراپکارانی باڵا (باوک کوژ) تەرخان کرد و کەسێتی ئەوی لە بەرهەمی هونەریدا بەکار هێنا تا بەمجۆرە دان بە تاوانەکانی خۆیدا بنێ.

ئەو بەشە لە نووسراوەکانی داستایۆڤسکی کە دوای مەرگی بڵاو بوونەوە، هەروەها بیرەوەرییەکانی ژنەکەی، قۆناغێک لە ژیانی ئەومان بۆ ڕوون دەکەنەوە، سەردەمی مانەوەی لە ئاڵماندا و کاتێ خولیای قومارکردن تاقە سەرقاڵی ئەو بوو، زۆر ڕۆشنە کە شەوقێکی نەخۆشانە لە دەروونیدا وەجۆش هاتبوو، خۆشی بەشێوەی جۆراوجۆر ئەم ڕەفتارە سەیر و ناشیاوەی پاساو دەدا، هەستی تاوانباری داستایۆڤسکی، وەک زۆربەی دەروونژاکاوان، بەشێوەی بارێک لە قەرز دەرکەوتبوو، ئەو دەیتوانی ئەم بیانووە بێنێتەوە کە دەیەوێ بە بردنەوە لە قوماردا، ئەوەندە پووڵ بەدەست بێنێ کە قەرزەکانی بداتەوە و بتوانێ بۆ ڕووسیا بگەڕێتەوە، بەڵام ئەمە تەنیا بیانوویەک بوو، داستایۆڤسکیش ئەوەندە بیرتیژ بوو کە ئەم ڕاستییە دەرک بکات و ئەوەندەش ڕاستگۆ بوو کە قەبووڵی بکات، ئەو دەیزانی کە لە قوماردا گرنگ ئەمەیە: قومار لەپێناو قومار (یاری لەپێناو یاری)، ئاکار و ڕەفتاری ئەو کە نائەقڵانی و پێڕەوی هەوەسەکانی بوو، هەموویان ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن، تا کاتێ کە هەست و نەستی نەدۆڕاندبا ئۆقرەی نەدەگرت، ئەو هەروەها قوماری بە مێتۆدێک بۆ سزادانی خۆی دەزانی. داستایۆڤسکی بەردەوام بەڵێنی بە ژنە گەنجەکەی دەدا کە قەت قومار نەکات، یان ئەو ڕۆژە کە سوێندی خواردووە ئیتر قومار نەکات، بەڵام ئەوجۆرە کە ژنەکەی دەیگێڕێتەوە، هەموو بەڵێنەکانی پشتگوێ دەخست، ئەو کاتەش بەهۆی دۆڕاندن خۆی و ژنەکەی تووشی هەژاری دەبوون، هەستی بە ڕەزامەندییەکی نەخۆشانە دەکرد، ئەوجار لەبەر چاوی ژنەکەی ڕەخنەی لە خۆی دەگرت و سووکایەتی بە خۆی دەکرد و داوای لە ژنەکەی دەکرد سووکایەتی پێبکات و لەوەی کە بۆتە هاوسەری وەها پیرێکی ئاژاوەخواز بەداخ بێت، بەڵام کاتێ کە بەمجۆرە ویژدانی خۆی ڕەحەت دەکرد، ڕۆژی دواتر سەرلەنوێ دەستی بە قومار دەکردەوە، ژنە گەنجەکەی لەگەڵ دووپاتبوونەوەی ئەم ڕەوتە ڕاهات، چونکە زانیبووی کە چیرۆکنووسیی کە تاقە هۆمێدی ڕزگاری هاوسەرەکەی بوو، قەت بە ڕادەی ئەو کاتە کە هەست و نەستی دەدۆڕێنێ کارساز نییە، ئەڵبەت ئەو هۆکاری ئەم شتەی نەدەزانی، کاتێ کە داستایۆڤسکی بە ئازاردانی خۆی هەستی تاوانباری دادەمرکاند، ئیتر بە زۆری پێشی پێ نەدەگیرا و ڕێگەی بە خۆی دەدا بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن هەندێ هەنگاوی سنووردار هەڵگرێ.

کام بەش لە منداڵی لەبیرکراوی قومارباز، وەسواسی ئەو بۆ قومار زیندوو دەکاتەوە؟ دەتوانین بە ئاسانی وەڵامی ئەم پرسە لە ڕۆمانی نووسەرێکی لاوتردا بدۆزینەوە، ستیڤان تێسڤایگ، کە یەکێ لە تۆژینەوەکانی (سێ مامۆستا) بۆ داستایۆڤسکی تەرخان کردووە، ساڵی ١٩٢٧ کتێبێکی بە ناوی پشێوی هەستەکان بڵاو کردەوە کە یەکێ لە چیرۆکەکانی ناو ناوە: "بیست و چوار سەعات لە ژیانی ژنێک". وادیارە ئەم شاکارە بچووکە تەنیا دەیەوێ پیشان بدات کە ژن چ مرۆڤێکی بەڕەڵایە و ڕووداوێکی لەکاو دەتوانێ بە لاڕێدا ببیات، بەجۆرێک کە تەنانەت خۆیشی بڕوا ناکات، بەڵام ئەم داستانە زۆر شتی دیکەی تێدایە، ئەگەر شرۆڤەی بکەین تێدەگەین کە مەبەستی شتێکی تەواو جیاوازە، شتێک کە ڕەهەندی جیهانگیری مرۆڤی، یان لە ڕاستیدا ڕەهەندی نێرینەی هەیە، ئەم شرۆڤە هێندە ڕۆشنە کە ڕێگەیەک بۆ دژایەتی ناهێڵێتەوە، داهێنانی هونەری وەها خەسڵەتێکی هەیە کە کاتێ ئەم شرۆڤەیەم بۆ نووسەر باسکرد، سەرەڕای ئەوەی دۆستی خۆمە،



دەیوت قەت ئاگای لەم شـــتە نەبووە و نەیویستووە ئەم شــتە بگەیەنم، هەرچەند هەندێ لە ماتریاڵەکان بەم مەبەستە لە ڕوایەتدا گونجێندراون تا سەرەداوێک لە ڕازی نهێنی داستان ئاشکرا بکەن.

لـــەم چیرۆکـــەدا، ژنێکی بەتەمەن و بەپرســـتیژ لەگەڵ نووســـەر دەربارەی ڕووداوێک قســـە دەکا کە بیســـت ســـاڵ پێش ئێســـتا ڕووی داوە، ئەو دەڵێ کاتــێ بوو بە بێوەژن هێشـــتا گەنج بوو، دایکی دوو کوڕ بوو کە ئیتر پێویســـتیان بەو نەبوو، لە تەمەنی چل و دوو ســـاڵیدا، کاتێ کە ئیتـــر چاوەڕوانییەکی لە ژیان نەمابوو، لە ســـەفەرێکدا بەڕێکەوت دەڕوات بــۆ بینینـــی قومارخانەی مۆنتیکارلـــۆ، فەزای ئەو شـــوێنە بە قووڵی کاری تێدەکات، بـــەڵام زیاتر لە هەر شتێ جووتێ دەســـت سەرنجی ڕادەکێشن، دوو دەست کە وادیارە هەموو هەست و سۆزی قوماربازی بەدبەخت بە ڕۆشـــنی و بە خێراییەکی ســـامناکەوە ئاشکرا دەکەن، ئەم دەستانە دەستی پیاوێکی جوان و شـــەنگە — کە بەڕواڵەت بە بێ مەبەستی نووسەر- هاوتەمەنی کوڕە گەورەکەی ئەم ژنەیە، قوماربازی لاو پاش دۆڕاندنی هەموو ســـامانی، لەوپەڕی نائومێدیدا قومارخانە بەجێدێڵێ، بەڕواڵەت دەیەوێ لە باخەکەی دەرەوە کۆتایی بە ژیانی نگریســـی بێنێ، هەســـتی سەیری هاودڵی، ژنەکە ناچار دەکات کە بە شوێنیدا بڕوات و بە هەر شێوەیەک بۆی دەکرێ ڕزگاری بکات، قومارباز سەرەتا پێی وایە کە ئەوە ژنێکی قەحبەیە، کە بـــە زۆری لەو ناوەدان، کەوابـــوو دەیەوێ گوێی نەداتێ، بەڵام ژنەکە وازی لێناهێنێ و بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە بە ئاساییترین شـــێواز لەگەڵی بڕوات بۆ ئوتێـــل و لە ژوورەکەی پێکەوە جووتبن، ڕۆژی دوای تێکئالان، پیاوەکە کە ئێســـتە ئارام بۆتەوە ســـوێند دەدات کـــە ئیتر قەت قومار نـــەکات، هەروەها دوای ئەوە کە خەرجی ڕێگـــەی چوونەوەی پێدەدا، بەڵێن دەدات کە پێش وەڕێکەوتنی شـــەمەندەفەر لە ئێزگە ببینێت، بـــەڵام لەمکاتەدا تێـــدەگات کە بەتەواوی عاشـــقی بووە و ئامادەیە بۆ بەدەستهێنانی، هەست و نەســـتی بدات، بەمهۆیە بڕیار دەدات کە لەجیاتی ماڵاوایی، لەگەڵی بڕوات، لە ڕێگەدا زۆر شـــت دەبنە

لەمپەری و وەدرەنگ دەکەوێ و قەتار دەڕوات، دوری لە ئازیزی گومبـــوو ناچاری دەکات دووبارە بچێتەوە بۆ هەمان قومارخانە، لەوێ بە بینینی ســـەرلەنوێی هەر ئەو دەستانە کە سەرەتا سەرنجی ئەویان ڕاکێشا دەتۆقێ، پیاوە بێ بەڵێنەکە ســـەرلەنوێ دەستی بە قومار کردبـــوو، ژنەکە بەڵێنەکـــەی وەبیردێنێتەوە، بەڵام ئەو کە شـــەوقی قومار ســـەرتاپێی داگرتووە، پـــارەی ژنەکە تووڕ دەداتەوە داوێنی و داوای لێدەکا وازی لێبێنێ، ژنەکە لەوپەڕی شەرمەزاریدا بەخێرایی قومارخانە بەجێدێڵـــێ و دواتر هەواڵی پێدەگات کە خۆی کوشتووە.

ئەڵبـــەت ئەم چیرۆکە کە خاوەن ڕوایەتێکی بەرز و مەبەستێکی شیاوە، بەدڵنیاییەوە کاریگەری زۆری لەســـەر خوێنەر هەیە، بەڵام شرۆڤەکان پیشاندەدەن کە نووســـینی ئەم چیرۆکە بەپێـــی خەیاڵێکی خاو لە سەردەمی بلوغی سێکســـیدایە، کە هەندێ کەس وشیارانە وەبیریان دێتەوە، ئەم خەیاڵە خواستی کوڕی ئەو ژنە وێنا دەکات تا دایکی لەگەڵ ژیانی سێکســـی ئاشـــنای بکا و لە زەبر و ئافەتی سامناکی دەستپەڕ بیپارێزێ، (زۆر بەرهەمی بەناوبانگ کە باسی چەمکی ڕزگاری دەکەن، هەر لەم خەونە ســـەرچاوە دەگرن)، عادەت بە قومار، جێگەی "عادەتی خراپی" دەستپەڕ دەگرێتەوە، بەهۆی ئەم لێکچوونەیە کە دەســـتەکانی قومارباز ئێجگار شـــەهوەت بزوێنن، لە ڕاستیدا شور و شـــەوقی قوماربازی، هاوجووتـــی مەیلی ئاگرینی لەمێژین بە دەســـتپەڕە، لـــە باخچەی منداڵاندا کاتێ منداڵ دەســـت لە ئەندامی زاوزێی دەدا، ئەم کارە بە "یاریکردن" پێناسە دەکەن، مەیلی دەستپەڕ ئێجگار بەهێزە، مرۆڤ زۆرجار بڕیار دەدات ئیتر نەیکات، بەڵام هەموو جارێک بڕیارەکان پێشـــێل دەکات، چێژەکانی دەستپەڕ مرۆڤ سڕ دەکا و هاوکات هەردەم ویژدانی ئـــازاری دەدات کە بەم کارە خۆت لەنێو دەبەی، لەو پڕۆسەدا کە قومار جێگەی دەسپەڕ دەگرێتەوە، هەر کام لەم توخمانە وەک خۆیان دەمێننەوە. ڕاستە کە ئەم چیرۆکە دایک دەیگێڕێتەوە نەک کوڕەکەی، بەڵام بەدڵنیاییەوە کوڕان بەم شـــتە زۆر خۆشحاڵ دەبن: "ئەگەر دایکم دەیزانی دەستپەڕ چ زەبرێکم لێدەدات، بێگومان دەیهێشت تا هەموو خۆشەویستیم پێشکەش بەو بکەم و لە مەترسی ڕزگار بم." وەک یەک زانینی دایـــک و قەحبە (یانی هەمان بۆچوونی پیاوی گەنج لەم چیرۆکەدا)، بەم خەیاڵەوە بەســـتراوە. بەم کارە خەونی گەیشـــتن بە ژن بەدیدێت، ئازاری ویژدان کە لەگەڵ ئەم خەونەدایە ئەنجامـــی چیرۆکەکە تراژیک دەکات، هەروەها دەبێ بزانین فۆرمێک کە نووســـەر بـــۆ چیرۆکەکەی دیاری کردووە، ئـــەو مانایە کە لە شیکاریدا بەدیدێت، دەشارێتەوە، چونکە زۆر جێگەی گومانە کە ژنـــان بەهۆی پاڵنەری ئاڵـــۆز و لەناکاو شـــەهوەت دایانبگـــرێ. بەپێچەوانەوە، شـــرۆڤەکان پیشـــاندەدەن کە ڕەفتاری ســـەیری ئەم ژنە کە تا ئەو کات لە عەشق سڵی دەکرد، بزوێنەرێکی شیاوی هەیە، ئـــەو بە وەفاداری بە بیـــرەوەری مێردەکەی، بەڵێنی بە خۆی دابوو کە ئیتر کەســـی خۆش نەوێ، بەڵام (هەر لێرەشدایە کە خەونی کوڕەکەی دروست دەردەچێ) وەک دایک نەیتوانی عەشقی ناوشیارانەی خۆی بۆ کوڕەکەی دەرنەبڕێ و چارەنووســـیش هەر لەم ڕێگەوە لە داوی خست.

ئەگەر عادەت بە قومـــار — بە هەموو هەوڵەکان بـــۆ وەلانان و هەموو دەرفەتەکان بۆ خۆ ســـزادان- مەیلی ئاگرین بۆ دەسپەڕ دووپات دەکاتەوە، کەوابوو نابێ پێمان ســـەیر بێت کە قومار بەشـــێکی بەرین لـــە ژیانی داستایۆڤســـکی داگیر کـــردووە، نابێ لە بیرمان بچێ کە خۆبزواندنی سێکســـی لە سەردەمی منداڵیـــداو لە قۆناغی بلوغی سێکســـیدا، لە هەموو دەروونژاکاوییەکی قورســـدا ڕۆڵی هەیـــە، پێوەندی نێوان خۆبزوێنی سێکســـی و ترس لە باوک، ئەوەندە ڕۆشنە کە پێویستی بە شرۆڤە نییە.

سەرچاوە:

مجله ارغنون، شماره ۳، صص ۲۵۳-۲۷۲.